# پێویستە کۆنگرەیەک لە هەڵەبجە سازبکرێت، هەموو شایەتەکانی دانیشتنەکانی دادگای ئەنفال ئامادەی بن

## د.کاترین میخائیل نوسەرو شایەتحاڵ لە دادگای ئەنفال بۆ ئاڵای ئازادی





**دکتۆر کاترین میخایل پێشمەرگەیەکی دێرینی حزبی شیوعی عێراقەو ئێستا دانیشتووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایەو یەکەمین کەسی غەیرە کورد بوو کە لە دادگای تایبەت بە ئەنفال وەک شایەدحاڵێک شایەدی لەسەر شاڵاوەکانی ئەنفال لەلایەن بەعسەوە دا. جگە لەوەش ژمارەیەکی زۆر وتارو لێکۆڵینەوەی دەربارەی شاڵاوی ئەنفال و کیمیاباران لە سنورەکانی بادینان نوسیووە، ئاڵای ئازادی ئەم دیدارەی لەگەڵ سازکرد بۆ ئاشنابوون بە بیرەوەریەکانی لە ئەنفالداو راوبۆچونیشی لەسەر دادگای ئەنفال و دەرەنجامەکانی.**

**ئاڵای ئازادی: خوێندنەوەتان بۆ پرسی ئەنفال دوای ئەو هەموو دانیشتنەی دادگا لەبارەیانەوە، بەتایبەتیش کە وێنەی تاوانە قێزەونەکان ئێستا لەرێی گەواهیەکانەوەو لەرێی ئەو بەڵگەنامانەوە کە دەدرێنە دادگا کەوتۆتە ئاشکرابوون لەبەرچاوی هەموواندا؟**

د. کاترین میخائیل: هەڵمەتی ئەنفال بوە بەبەشێک لەمێژووی عیراق، بگرە لەمێژووی جیهان. بەر لەچەند رۆژێک نووسەرێکی هۆڵەندایی چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردم بۆ قسەکردن لەبارەی کتێبێکی خۆی لەبارەی عیراقەوەو لەبارەی هەڵمەتەکانی ئەنفالەوە. منیش لەبارەی هەموو ئەزموونی تایبەتی خۆم لەکاتی ئەنفالدا بەدرێژی قسەم کرد. ئەو دۆکیۆمێنتانە بەگوێرەی تەکنۆلۆژیای ئەم سەردەمە بۆ ملیۆنەها ساڵ دەمێننەوەو هیچیان لێ ون نابێت وەک ئەوەی جاران رووی دەدا. هەر منیش نیم بەتەنها، بەڵکو ملیۆنەها کەس قسەیان کردوەو شتیان نووسیوەو ئەمە ئیدی لەمێژوودا سەقامگیر بوەو کەس ناتوانێت نکۆڵیی لێ بکات یان پاکانە بۆ ئەو تاوانکارانە بکات کە ویستیان قەڵاچۆمان بکەن. دادگای ئەنفال لەهەندێک دانیشتنیدا بەتوانایی پیشانداوە، من لەیەکێک لەو دانیشتنانەدا ئامادە بووم، ئەگەرچی دادوەری پێشوو نەیهێشت زۆر بەدرێژی قسە بکەم، زۆرم پێ بوو بیڵێم لەبارەی ئەو زوڵمو ستەمەو سەرکوتگەرییەی لەلایەن رژێمی لەناوچووەوە بەسەر خۆمو خێزانو هاورێکانمدا هاتن. لەو کەسانەی لەو دادگایەدا رێزێکی زۆریان لێدەگرم جەنابی مونزیر ئەلفیرعەون-ی سەرۆکی داواکاریی گشتییە کە برایەکی بەهۆی ئەو دادگایەوە لەدەستداوە، بەڵام ئەوە هیچ ورەی دانەبەزاندوەو سوورە لەسەر درێژەدان بەدادگاییکردنی تاوانکاران، زووتریش ئەوەم وتوەو ئێستاش دەیڵێمەوە: ئەو پیاوە بوێرە چۆتە جوانترین لاپەڕەکانی مێژووی عیراقەوە.

ئەگەرچی زۆربەی گەواهییەکان لەخەڵکێکی گوندنشینەوە بوە کە هەندێکیان هەر خوێندەواریشیان نەبوە، بەڵام هێزی گەواهی خۆی لەوەدایە، لەبارەی گەواهییەکەی منەوە دەیانوت گوایا من لەئەمریکا مەشقم لەسەر کردوە. من لێرەوە پڕ بەگەرووم هاوار دەکەم کە هەرگیز چاوم بەپارێزەرێکی ئەمریکی نەکەوتوە، کەسیش ئاگای لەسەفەرەکەم نەبوە، بەڵکو تەنها راوێژم بەچەند پارێزەرو داوەرێکی عیراقی کردوەو هیچی تر، لەنێویشیاندا هەندێک لەدۆستەکانی باوکم هەبوون، پارێزەرەکان بەراستی بەتوانا بوون، سوودی باشیشم لەراوێژەکانیان وەرگرت، چونکە خۆم شارەزاییەکی زۆرم لەیاسای عیراقیدا نیە.

ئەو شایەتانەی هێنرابوون هەندێکیان لەئاستی شیاودا نەبوون بەداخەوە، ئەگەرچی دەکرا شایەتی باشتر بهێنرایە، بوونی رەگەزی مێینەش لەناو دادگادا چ وەک داواکاری گشتی یان پارێزەری مافی کەسی یان وەک سکاڵاکەر هێزێکی زۆری دەدا بەدادگا، هەروەها بە مێژووی ژنی عیراقیش کە قوربانیی یەکەمی ئەو هەڵمەتە قێزەونە بوو. لەلایەکی ترەوە خودی دادگاکە قوربانییەکی تری پشکاندنی تایەفەگەری بوو. بۆچی ئەو مەرجە دانرا کە داوەرەکە نابێت کورد بێت؟ داوەر خۆی لەهەموو حاڵەتێکدا دەبێت دادپەروەر بێت، ئیتر کورد بێت یان عەرەب یان تورکمان یان کلدۆئاشوور یان مەندائی! پێویستە یاسا جێبەجێ بکات. پێم باش بوو دادگایی ئەنفالی کوردستانی عیراق زەخمێکی زیاتری بدایە بە قوربانیانو کەسوکارەکانیان، کەس ناتوانێت نکۆڵی لەتاوانەکانی کوشتنی بەکۆمەڵ بکات کە رژێمی گۆڕبەگۆڕ ئەنجامیدان، هەروەک دەبێت بەرپرسیارێتیش بخەینە ئەستۆی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵە بێدەنگ بوە. ئەو کاتەی ئێمە لەگەلی زێوە لە ٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧دا بۆردومان کراین، ئەو جارە یەکەم جار بوو رژێمی گۆڕبەگۆڕ ئەو جۆر چەکە دژی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بەکاربهێنێت، مەبەستیشی بوو بزانێت کاردانەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چی دەبێت، کاتێک بینی جیهان بێدەنگە وەک ئەوەی ئێمە کۆمەڵێک بوونەوەر بین شایستەی ئەو سزایە بین، ئیدی ئەوە هانیدا کە بەئاستی قەبەتر لەشوێنی تر بدات وەک ئەوەی لەهەڵەبجە روویدا. هەروەها لەو کۆمپانیایانەش دەپێچینەوە کە ئەو کەرەستانەیان بەرژێم فرۆشتبوو، ئەو کەسەی لەهۆڵەندا دادگاییکرا تاکەکەس نیە لەم بارەیەوە، پێویستە حکومەتی عیراق سکاڵایەک لەسەر هەموو کۆمپانیاکانی تر تۆمار بکات، هەرچییەک بنو سەر بەهەر حکومەتێک بن یان هەر کەسێک خاوەنیان بێت، بۆ ئەوەی ببنە پەند بۆ خەڵکانی تر.

**ئاڵای ئازادی: دەرکردنی سزای لەسێدارەدان دژی سەدام حسێنو دواتر ئەنجامدانی ئەو سزایە لەسەر پرسی دوجەیل بەتەنها، بەبۆچوونی ئێوە ئەو حوکمە لەسەر ئاستی ئیقلیمیو نێودەوڵەتی لەبایەخی پرسی ئەنفالی کەم نەکردەوە؟**

د.کاترین میخایل : لەسێدارەدانی سەدام حسێن بۆ من هیچ نیە، گرنگ ئەوەیە دەسەڵاتەکەیو رژێمە دکتاتۆرییەکەی لەناوچوون، من باڵیۆزی ئاشتیمو ئاواتم وایە حوکمی لەسێدارەدان نەمێنێت لەهیچ شوێنێکی دنیادا، بەڵام لایەنگرانی سەدام بیریان لەوە دەکردەوە کە رەنگە رۆژێک لەرۆژان بگەڕێتەوە بۆ سەر دەسەڵات، بۆیە دەڵێم "ئاوی ئاموونو توونی بابا چێت"، رۆژانە سەدان کەس لەرۆڵەکانی گەلی عیراقی مەینەتبار سەردەبڕدرێن، سەدامو کوڕەکانی سەدام لەبێتاوانەکانی گەلی عیراق شیرینتر نین کە پتر لەسی ساڵەو هەتا ئێستاشی لەسەر بێت گیرۆدەی دەستی هەتیوکەوتوانی رژێمی لەناوچوون. پەلەکردن لەجێبەجێکردنی حوکمی مردنەکەی لەترسی ئەوەبوو کە نەوەک برفێنرێت لەزیندان. حکومەتی عیراق لەوە دەترسا، من خۆم یەکێک بووم لەوانەی چاوەڕێی شتێکی لەو جۆرەم دەکرد روبدات. پرسی ئەنفال دیارە، لەگەواهییەکانی خاوەن سکاڵاکاندایە کە من یەکێکیانم، هەروەها لەهەزاران کاسێتو بەڵگەنامەدایە کە دەیسەلمێنن، لەو گۆڕە بەکۆمەڵانەدایە کە دۆزراونەتەوەو کە هێشتا لێیان دەدۆزرێتەوە. ئەو پرسە چۆتە قووڵاییەوە بایی تاڵەموویەک گومان هەڵناگرێت، ئەوەی گومانی لێ بکات کورتبینیی سیاسی هەیە، ئەوەش کێشەی خۆیەتی، کێشەی ئێمەی خەڵکی عیراق نیە کە هەتا ئەمرۆش قوربانین. بەش بەحاڵی خۆم گرنگ ئەو سووکبوونو ریسواییە بوو کە بەسەر دکتاتۆری بەزیودا هات، ئیتر گرنگ نیە بەر لەدادگای ئەنفال لەسێدارە بدرێ یان دوای.. تەنها ئامادەبوونی لەبەردەم دادگادا بۆ خۆی لەسێدارەدانی خۆیو دەستو پێوەندەکەیەتی، ئەوە لەگەواهییەکەمدا لەدادگا روون بوو کاتێک عەلی کیمیاوی بە (خوشکە) ناوی بردم، دەستبەجێو بەتووڕەییەکی نەرمەوە وەڵامم دایەوەو وتم ئەوە سووکایەتییە بۆ من خوشکی تاوانکارێک بم. رێگە نە بەخۆمو نە بەخێزانە تێکۆشەرەکەم دەدەم ئەو تاوانکارە بە (خوشک) ناوم ببات. ئەو کاتەی دەیکوشتم خوشکی نەبووم، بەڵام کاتێک کەوتە ژێر رەحمەتی پێیەکانمەوە دەیەوێت بمکاتە خوشکیو ویژدانی مرۆییانەم بجووڵێنێت.. بەڵام من بەرامبەر ئەو ویژدان راکێشانە هۆشیارم، نابێت بەزەییمان هەبێت بەرامبەر ئەو تاوانی جینۆسایدەی ١٨٢ هەزار کەس لەبێتاوانانی کوردو کلدۆئاشوورو عەرەبو ئەرمەنو مەندائیو هی تر بوونە قوربانیی، نابێت بەزەییمان بەتاوانکاراندا بێتەوە ئەوەش دەبێتە پەند نەک تەنها بۆ سەرکردەکانی عیراق، بەڵکو بۆ هەموو هاوشێوەکانیشیان لەسەرکردەکانی ناوچەکە.

**ئاڵای ئازادی: دوای دەرچوونی حوکم بەسەر ئەوانەدا کە تاوانەکانیان بەسەردا ساغ بۆتەوەو دواخستنی هەندێک حوکمی ترو دواتر دەستکردنەوە بەدانیشتنی دادگا، ئایا یاسای نێودەوڵەتی دەبێتە رێگرێک لەبەردەم چەوسێنەرانی گەلی کورداو پارێزگارێکی کورد لەو بەشانەی تری کوردستاندا کە هێشتا بەبەرچاوی یاسای نێودەوڵەتییەوە ڕووبەڕووی سیاسەتەکانی چەوساندنەوەو باری نائاسایی‌و پێشێلکردنی ماف دەبنەوە؟**

د.کاترین میخایل :ـ دەبێت جیهان بەمشێوەیە پۆلێن بکەین: بەشی یەکەم حکومەتەکان کە وابەستەی بەرژەوەندییەکانیانن نەک ویژدانی مرۆییان، ئەو حکومەتەی بەرژەوەندییەکی لەمەسەلەکەدا هەبێت سۆزی دەبێت بەرامبەر گەلانی چەوساوە، چ کورد یان غەیری کورد. بەشی دووهەمیش گەلانن بەرۆشنبیرانی هەموو گەلانی جیهانەوەو هەروەها بەرێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، ئەمەی دوایشیانە کە پشتی پێ دەبەسترێت، بۆ رێکخستنی هەڵمەتەکانی پشتیوانی کردن لە گەلانی چەوساوەو هەروەها بۆ گوشار خستنەسەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی پێویستە دەرهەق بەم کێشەو ئەو گرفت. ئێمە خۆمان ئەزموونێکی پێشترمان هەیە کە لەیەکەمین گورزدا لەرۆژی ٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧دا وەک وتم سەدام دەیویست کاردانەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بزانێت. بەشی سێهەم کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە لەلاسەرووییەوە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانو یەکێتیی ئەوروپا کە دەبێت رابنو دەستگرۆیی نەتەوە ستەمدیدەکان بکەن کە گەلی کورد یەکێکە لەو نەتەوانە، هەروەها گەلە بچووکەکانی تری تورکیا وەک گەلانی ئاسوور-سریانیو ئەرمەنیو جوولەکەو هی تریش کە من ناوی هەموویان نازانم. پێشنیاری ئەوە دەخەمە بەردەم رۆشنبیرانی ئەو وڵاتانە کە بەناوی مافەکانی گەلانی چەوساوەی تورکیاوە قسە بکەنو پێش هەمووشیان گەلی کورد کە لەهەموویان گەورەترە، چونکە من خۆم لەتورکیا ژیاومو ئاگاداری ئەو زوڵمەم کە گەلانی غەیرە تورک لەتورکیا دەیچێژن، هەمان شت لەئێرانی فارسیو سوریاو لوبنانی عەرەبیشدا هەیە. جا ئەگەر تەنها بیر لەگەڵێک بکەینەوە ئەوە بێ ئینساف دەبینو ناتوانین رای گشتی جیهانی بەلای خۆماندا رابکێشین. لەو وڵاتانەدا کە یاسا تیایاندا بەرقەرارە گەلو نەتەوەو ئیتنیکو رەگەزی جیاواز پێکەوەو بەکەلتووری جیاوازەوە دەژینو هەموویان بەئاشتیو ئاسایشەوە شانبەشانی یەکتری هەڵدەکەنو یاسا سەرداری یەکەمیانە. بەفیعلیش ئەزموونی ئەو گەلانە ئەوەی سەلماندوە کە یاسا بەبێ هیچ جیاکردنەوەیەک لەنێوان ئەمو ئەودا پەیڕەو دەکرێت، هەر لەسەرۆکەوە تا دەگاتە بچووکترین هاوڵاتی، باشترین نموونەش ئەوە بوو کە دادگای باڵای ئەمریکی بیل کلینتۆن-ی بەکێشکرد بۆ بەردەمی دادگا بەهۆی زیادەڕەوییەکانەوە لەگەڵ ژنێکی ئەمریکیدا، ئێستاش کۆنگرێسی ئەمریکا لێکۆڵینەوە لەگەڵ (بۆل برێمەر)دا دەکات بەهۆی رەفتارەکانییەوە لەعیراقدا ساڵی ٢٠٠٣. پێویستە کوردستانی عیراقو سەرلەبەری عیراق بکەینە گۆڕەپانێک بۆ دادپەروەری.

لەمڕووەوە من ئەم پێشنیارانە دەخەمەڕوو:

١/ دوای دەرچوونی حوکمی تایبەت بەکێشەی ئەنفال، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆنگرەیەک لەبارەی هەڵەبجەوە سازبکات کە هەموو شایەتەکانی دانیشتنەکانی دادگا ئامادەی بن لەگەڵ تەواوی دەستەی دادگاو تەنانەت شایەتەکانی لایەنی بەرگریو پارێزەرەکانی بەرگریش، لەگەڵ بانگهێشتکردنی رۆژنامەنووسانی هەریەک لە ئێرانو سوریاو تورکیاو لوبنان، بۆ ئاشکراکردنی هەموو ئەو شتانەی لەدادگادا باس نەکرابوون، هەر بەو بۆنەیەوە ڤیستڤاڵێکی هونەریش رێک بخرێت.

٢/ کارە هونەرییەکانی هەموو ئەو هونەرمەندانە پیشان بدرێت کە لەناوەوەو دەرەوەی نیشتمانەوە وێنەی ئەنفالیان کێشاوە، هەر لەکۆنگرەکەشەوە پەیام ئاراستەی حکومەتەکانی ئەو وڵاتانە بکرێت لەبارەی گەلانی چەوساوەی وڵاتەکانیان، گەلانی غەیرە عەرەبیو غەیرە فارسیو غەیرە تورکی، ئەو پەیامانەش پشتیوانیکردن بن لەو گەلە چەوساوانە.

٣/ ناردنی کۆپی ئەو پەیامانە بۆ نەتەوەیەکگرتوەکانو پەرلەمانی ئەورووپاو رێکخراوە مەدەنییە پەیوەندیدارەکان بەمافی مرۆڤ، من یەکەمین کەس دەبم کە بەدەم ئەو بانگهێشتەوە دەچمو لەبارەی چالاکییەکی لەو جۆرەوە دەنووسم، باشتریش وایە ڤیستڤاڵێکی لەو چەشنە لەلایەن رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە رێک بخرێت، چ ئەوانەی لەناو عیراقدان یان لەدەرەوەی عیراقدان، چونکە ئەو کاتە کاریگەریی گەورەترو گوشاری گەورەتری دەبێت.

**ئاڵای ئازادی: ئەگەر دانیشتنەکانی دادگای تایبەت بە پرسی ئەنفال تەواو بوون، دوای ئەو هەموو قوربانییەی کورد کە ژمارەیان لە ١٨٢ هەزار کەس تێپەڕی لە کوژراوو ئاوارەو زیندەبەچاڵکراودا، ئایا حوکمی لەسێدارەدانی تەنها ئەو شەش تۆمەتبارە بەس دەبێت، یان دەبێت دەستی داد بگاتە بەرپرسو کەسانی تر کە خاوەنی بڕیار بوون لەجێبەجێکردنی تاوانەکانی ئەنفالدا؟**

د.کاترین میخایل: دەبێت دادگا هەموو ئەوانە بەکێش بکات کە بەشدارییان کردوە لەنەخشەدارشتن بۆ جێبەجێکردنی هەڵمەتەکە، هەر لەسەرکردەکانی دەزگا ئیسخباراتیەکانو سوپاو فرۆکەوانانو ئەو جاشانەی بەداخەوە هێشتا بەشێکی زۆریان بەبێ لێپرسینەوە لەکوردستاندان بەهۆی پەیوەندییە خێڵەکیو هۆزگەرایییەکانەوە، ئەو بەشەی تریشیان کە بەرەو دەرەوە هەڵاتوون دەبێت حکومەتی عیراق کار بکات بۆ هێنانەوەیان بۆ بەردەم دادگا لەرێی پۆلیسی نێودەوڵەتی (ئینتەرپۆل)ەوە، لەوانەش نزار ئەلخەزرەجیو هەموو بڕیاربەدەستانو دەستڕۆیشتوان، دەبێت هەموو ئەوانە لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت بەبێ هیچ جیاکارییەک لەسەر بنەمای نەتەوە یان تایەفە یان سەر بە چ هۆزو تیرەیەکن.. هەموو ئەوانە دەستیان بەخوێنی گەلی عیراقو گەلی کوردو گەلانی تری عیراق لەکلدۆئاشوورو سریانو ئەرمەنو مەندائیو عەرەب سوورە، ئەگەرچی ئەمانەی تر قوربانییەکانیان بەبەراورد لەگەڵ قوربانیەکانی گەلی کوردی خۆشەویست کەمترە، بەڵام تاوان هەر هەمان تاوانە ئەگەر دژی هەر بوونەوەرێکی زیندوو لەچوارچێوەی هەڵمەتەکانی ئەنفالی قێزەونددا ئەنجامدرابێت. دەبێت داد رێچکەی خۆی بگرێت تەنانەت ئەگەر سەرە گەورەکانیش بگرێتەوە، ئەو کاتە دەتوانین بڵێین دیموکراسی لەکوردستان یان لەعیراقدا بوونی هەیە، ئێستا کوردستان هەنگاوێکی باشی بەو ئاراستەیە بڕیوە، بەڵام هێشتا نەگەشتۆتە ئاستی مەبەست.

**لەسێدارەدانی سەدام حسێن بۆ من هیچ نیە، گرنگ ئەوەیە دەسەڵاتەکەیو رژێمە دکتاتۆرییەکەی لەناوچوون، من باڵیۆزی ئاشتیمو ئاواتم وایە حوکمی لەسێدارەدان نەمێنێت لەهیچ شوێنێکی دنیادا، بەڵام لایەنگرانی سەدام بیریان لەوە دەکردەوە کە رەنگە رۆژێک لەرۆژان بگەڕێتەوە بۆ سەر دەسەڵات، بۆیە دەڵێم "ئاوی ئاموونو توونی بابا چێت"**